www.kurdistannet.org
1:07 2007-7-16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

یاد و بیرەوەری کۆچێکی لەخۆبۆنا سووری هەمیشە زیندوو ... خاڵەحەمە

ئەوەی لەڕابووردودا دوژمنانی کوردی تۆقاندوەو هەنوکەش وەختە زیرەی لێ بکەن ئەوەیە کە کورد لەخەبات ڕاناوەستێت و شۆڕش لەدوای شۆڕش خەباتی بۆ نوێ ئەکاتەوەو خوێنی بۆئەڕێژێ، لەیادمانەو هەرگیز بیرمان ناچێ کەدەستی تاوانی تاوانکارانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران چۆن وەبە چ شێوەیەک، شکۆدارو زاناو ڕۆشنبیرشەهید (د. قاسملۆ) و هاوڕێکانی شەهید کردو کەلێنێکی گەورەیان کردە شۆڕشی کوردی بێچارە، بەچ شێوەیەکی نامرۆڤانەودڕانە پایەبەرز وڕۆشنفیکرو سەرکردە شەهید (د. شەرەفکەندی) وهاوڕێکانی شەهیدکران. لەیادمانە لەو تاریکستانەی کەناوی (جەمهوری ئیسلامی ئێرانە) بە چ شێوەیەک نەوجوانانی کوردیان تیرۆر ئەکردو چۆن تەرمی پیرۆزیان بەسەرشەقامەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕائەکێشا و لەبەرچاوی کەسوکارو خەڵکی سڤیلی کوردا سووکایەتیان بەجەستەی پیرۆزیان ئەکرد، ئەودڵڕەشانە کارێکی کەمیان بەم نەتەوە ستەمدیدەیە نەکردوەتابیری بچێتەوە، ئەوەی مەبەستمە وەبیرهێنانەوەی ئێوارەی ڕۆژی 1989/7/13 یە، کەخوێنی سەرکردەیەکیزاناو لێهاتووی وەک (عبدالرحمان قاسملۆ) بە تەوێڵی بێشەرمی نیشتمانێکی وەک (ئوتریش) (نەمسا) داجۆگەی بەست و لەتارانی کۆست کەوتەدا جادووگەران و جبەبەشان و مێشک ژەنگاویەکان و مۆڵگای تیرۆریستان، نەوەکانی (شاعەباسی سەفەوی) شایی و لۆغانیان بۆ ئەگێڕاو شیرینیان ئەبەخشیەوە، ئەونیشتمانە سەوزوسورە پڕ ئاشتیەش چاوەشینەکانیان لەوتاوانە گەورەیە نووقان کە ئاواتێ بەشێک لەنیشتمانە زامدارەکەی کوردی لەگەل خۆیابردەژێرگڵ. نەمری بۆشەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدی زیندوو (د. قاسملۆ) و هاوڕێکانی سەرشۆڕی و مردنیش بۆ ڕژێمی ساختەو کەڵەک و خوێنڕشتن و هاوکارانی.. ئەوە دوژمنەکەتە کوردی بێکەس یەکگرن، تاگەورەو بچوکیان تیرۆر نەکردوین، یەکگرتن سەرفرازی لەدواوەیە، دوژمن کوێرکەوبەیداخی برایەتی هەڵکە تالەئەنفالی سەدەی بیست و یەکەمداوەک کەرویشک راویان. نەکردوین و پێڵەگەورەیمان بنێن.

2007 /7/12 سویسرا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.